چەند بەیارەک لە بارەی بازاڕی قەیسەری هەولێرەوە درا

لە ژێر فەرمان و ڕاسپاردەکانی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ یەکشەممە 2024.5.12، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی لایەنی پەیوەندیدار، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازیی لە سەرجەم دوکاندار و کاسبکارانی زیانلێکەوتووی بازاڕی قەیسەری هەولێر کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵیان، پارێزگاری هەولێر، وەڵامی نیگەرانی دەربڕین بەرامبەر سووتانی بازاڕی قەیسەریی و هاوخەمی لەگەڵ دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕەکە، ئاماژەی بۆدا، وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر، لە ئێوە زیاتر دەگران و خەمبارین بۆ ڕووداوەی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر ڕوویدا، لە هەولێر کار و کەسابەتی کاسبکاران لە سەروی هەموو شتێکەوەیە و دەنیابن کە بەتەنها جەتاناهەین و ئێوەی لە توانامانداباەت درەغی لەناکەین، جەختیشی لێوەکردەوە کە هەموو خەڵکی شاری هەولێر وەک ئێوە بگرە زیاتریش دەگران و خەمبارن بە سووتانی ئێو بازاڕە، چونکە (بازاڕی قەیسەری و قەڵا و منارە) ناسنامەی شارەکەمانە.

ئاشکراشی کرد، لەکەینەوە لە دەستنیشانکردنی هەکاری ئاگرکوژەکە بەردەوامە، ئەوەش هەر کەسێک گومانێک یان زانیارییەکی لایە سوپاستان دەکەین هاوکاری تیمەکانی لەکەینەوە بکەن، دەنیاشتان دەکەینەوە لەم نزیکانە ئەنجامی لەکەینەوەکان بە ڕای گشتیی ئاشکرا دەکرێت و هەکاری سەرەکی ئاگرکوژەکە ڕادەگەیەنرێت.

پاشان پارێزگاری هەولێر، ئاماژەی بە چەند بڕیارێکدا کە لە بڕژەوەندی کاسبکارانی بازاڕەکە و لە پێناو پاراستنی شوێنە گشتییەکان و سەلامەتی گیانی هاوڵاتیان و ڕەگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە وەرگیراوە، لەوانە:-

یەکەم/ دەستکردن بە لەکەینەوە و لەپەچینەوە لە هەکاری کارنەکردنی سیستەمی جێگیری ئاگر کوژێنەوەی بازاڕی قەیسەری.

دووەم/ پاککردنەوە و ڕەکخستنەوەی سەرتاسەری بازاڕەکە و کردنەوەی بە ڕووی هاوڵاتیان.

سێیەم/ لەو شوێنەی بازاڕی قەیسەری کە بە هۆی ئاگرکەوە زیانیان بەرکەوتووە، لە زوترین کاتدا دەست دەکرێت بە نۆژەنکردنەوەی ناوەوەی دوکانەکان و دەرەوە و کەانەکان و سەقفی گشتیی بازاڕەکە.

چوارەم/ چارەسەرکردنی سەرجەم کەم و کوێیەکانی ئاو و کارەبای بازاڕەکە.

پێنجەم/ هەڵگرتنی سەرجەم سەرپێچی و زەدەییەکان و هەموو ئەو مەترسیانە کە دەبنە هەکاری دروستبوونی ڕووداوی لەمشێوە، بە تایبەتی نەهەڵانی هەواسینی پەردە لە دوکانەکان کە هەکاری سەرەکی تەشەنەسەندنی ئاگرەکە بووە.

شەشەم/ ئەو پاسەوانانەی کە بە پاراستنی بازاڕی قەیسەری هەولێر دانرابوون لەلایەن کەمپانیایەکی تایبەتی سیکیوریتی، نامەنن و لە شوێنی ئەوان پاراستن و ئەمنیەتی بازاڕەکە بە پۆلیس سپەردرا.

حەوتەم/ هەر دوکاندارێک کە کرێچی حکومەت بێت و لەو ئاگر کەوتنەوەیە زەر و زیانی پێگەیشتبێت، لە کرێی یەک ساڵی دوکانەکەی دەبەخشرێت.

هەشتەم/ سەرجەم ئەو دوکاندارانەی کە لە ئاگر کەوتنەوەکەدا زەرەمەندبوون لە کرێی (6 مانگی) زبە و

خاشاک و تابڵی دوکانەکانیان دەبەخشرێن.

نەیەم/ سەرجەم ئەو دوکاندارانەی کە لە ئاگر کەوتنەوەکەدا زیانیان پێگەیشت، بە ساڵی 2023 لە (50%) ی باج و بەساڵی 2024 لە (100%) ی باج دەبەخشرێن.

دەیەم/ هەر دوکاندارێک بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە بازاڕی قەیسەری زەرەرمند بووبێت، دوای وەرگرتنی نووسراوی پشتگیری لە بەڕێوەبەرایەتی قەیرانەکانی پارێزگای هەولێر، دەتوانێت لە وەرگرتنی قەرزی بە قازانج لە "بانکی جیهان" بەپێی ڕێنماییەکانی بانکی ناوەندی بە ماوەی (24) تاکوو (36) مانگ سوود مەندبێت.

یازدەیەم/ هەر دوکاندارێک بە هۆی ئاگرکەوتنەوەکە، پارەی لە نێو دوکانەکەی ((تەنها دیناری عێراقی)) سووتابێت و بەڵگەی پێویستی لە بەر دەست بێت، لایەنە پێیوەندیدارەکانی حکومەت هاوکاری دەبن بە قەرەبووکردنەوەی لە بانکی ناوەندی لقی هەولێر.

لە کۆتایشدا، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند: "سەرجەم لایەنەکان ڕاسپێردراون لەگەڵتان دابن لە نەژێنکردنەوەی بازاڕەکە و ئەمەش بە هەموو شێوەیەک پاڵپشت و هاوکارتانین، ئێوەش هەماهەنگی تیمەکانبن، لە ئەمەوە دەست بکەن بە نەژێنکردنەوەی دوکانەکانتان و دەست بە کار و کاسبی خۆتان بکەنەوە، دەنیاشبن وەکوو پارێزگای هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی پێویست بێت درێغی لێناکەین.